# لە كوردستان لە سایەی دەسەلاتی پارتی و یەكێتیدا، بەفراوانترین شێوە، مافی ڕادەربڕین و ئازادییە سیاسیەكان زەوت و پێشێل دەكرێت!

لە ماوەی كەمتر لە یەك مانگی ڕابوردوودا، دكتۆر فەرهاد پیربالْ و هاوڕیكانی بە بەهانەی جۆراوجۆر لە زانكۆی ێلاح الدین لە هەولێر فەرمانی گواستنەوەیان بۆ كۆلیج و بەشەكانی تر دراوە. هەر لە هەولێر و لە ئەنجامی خۆپیشاندانی ناڕازیانی شاری ئاكریدا دژ بە نەبونی بەنزین و سوتەمەنی تا ئێستا 15 خۆپیشاندەر لە زینداندایە، هەر لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی پارتیدا دكتۆر كەمال سەید قادر كە لە نەمسا هاتۆتەوە دەستگیركراوەو لە بەر بونی رەئی موخالیف بەرانبەر بە سەركردایەتی پارتی و شەخسی بارزانی ئێستا گیراوە، لەسلێمانی لە رۆژی 26ئەم مانگەدا فەتاح زاخۆیی وەزیری ڕۆشنبیری لە ئیدارەی سلێمانی ناچاركرا كە دەست لەكارەكەی بكێشێتەوە و ئیستقالە بكات لە بەرئەوەی كە دەنگی نەداوە بەدەستور و. . . چەندین دیاردەو ڕوداوی جۆراوجۆری تر لە ناوچەكانی تری كوردستان. . . ئەمە كوردستان و "مەركەزی ئازادی و دیموكراسیەكەی" بارزانیە كە لە ئەمەریكا پڕوپاگەندەی بۆ دەكرد.

ئەم هێرشانەی ئیدارەی پارتی و یەكێتی، بۆسەر ئازادی سیاسی و بە دیاریكراویش بۆ سەر ئازادی رەئی و ڕادەربڕین، نیشاندەری ئەوەیە كە دەسەلاتدارانی ناسیونالیزمی كورد "ئازاد"ییان تەنها بۆ پڕوپاگەندە و سەردێڕی رۆژنامە و هەواڵەكانی كەناڵە ئاسمانی و تەلەفزیۆنیەكان و ڕاگەیاندن و كۆنگرە رۆژنامەنوسییەكانیان دەوێت. "ئازاد"ی لە ڕوانگەی سەركردایەتی یەكێتی و پارتییەوە مانا عەمەلیەكەی، پێش گرتن و مۆلەت نەدانە بە خۆپیشاندان، دەركردنە لەسەر كار و وەزیفەیان، ڕاگواستنە لە شارێكەوە بۆ شارێكی تر، یان سەركوت و زیندانیكردنە لە ئاسایش، یان تەقەكردن و خوێن ڕشتن و برەودانە بە فەزای ترس هەر وەك لە گەلار و ئاكری بینیمان. لە كاتێكدا كە سەرتاپای هەردووحزبی پارتی و یەكێتی و ئیدارەكانیان بەقەولی خۆیان پەل دەكوتێت لە گەندەڵیدا. لەكاتێكدا كە سەروەت و سامانی خەڵكی كوردستان لەدەستی بەرپرسانی حزب و ئیدارەی هەردوولا و ژمارەیەكی كەمی سەرمایەدارەكانی بن دەستی خۆیان كەڵەكەبوە. لە كاتێكدا كە هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەكیش پێشكەش بە خەڵك ناكرێت و تەنانەت خەڵك بۆخۆیان ئاوو كارەبای خۆیان بەهۆی كرینی داینەمۆ و لێدانی بیرەوە دابین دەكەن. لەكاتێكی وادا كاری ئەمان تەنها بوە بە سەركوت و زەوتكردنی مافە سیاسی و مەدەنی و فەردییەكانی خەڵكی كوردستان و خنكاندنی هیواو خواستی زۆربەی زۆری خەڵكی كوردستان لە جیابونەوەی كوردستان و پێكهێنانی دەولەتێكی هاوچەرخی عەلمانی و ناقەومی. . . . كاری ئەمان بووە بە بردنە پێشەوەی سیاسەت و خواستی ئەمەریكا و ئیسلامی سیاسی و جامیعەی عەرەبی. .

حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق، تەواوی ئەو هەنگاوە سەركوتكەر و دژی ئازادییانە ئیدانە دەكات و داوا لە تەواوی ئازادیخوازان و ئینسان دۆستەكان و ڕیكخراوە كرێكاری و پێشەیی و جەماوەری و دەكات لە كوردستان و عێراق و ئاستی دنیادا، كە ئەم واقعیەتەی كوردستان و سەركوتی ئازادی سیاسیەكان ئیدانە بكات و زەخت بخەنە سەر یەكێتی و پارتی كە پابەند بن بە پاراستنی ئازادییە سیاسی و مەدەنیەكانی خەڵكی كوردستانەوە.

ڕیكخراوی كوردستان

حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق

2005/10/31